# ئەزموونی نوسین



**تا ئەو وەختە بنووسە، کە وشەت وەک زۆربا بڕەقسێت و**
**ڕستەت وەک مەسیح بەسەر ئاودا بڕوات،**
**ئەگەر نا لێ گەڕێ، با قەڵەمەکەت پشوو بدات.**

حەمەسەعید حەسەن

هەموو هونەری نووسین لەوەدا چڕ دەبێتەوە، بتوانین وا بنووسین، خوێنەر بەدەم خوێندنەوەیەوە، نە بێزار ببێت، نە ماندوو، بەڵکو چێژی لێوەربگرێت و بەو پەرۆشییەوەی دەست بە خوێندنەوەی دەکات، بە هەمان تامەزرۆییشەوە، دوایی پێبهێنێت. با ڕۆمانیش نەنووسین، وا پەسەندترە هەمیشە بەو شێوازە سەرنجڕاکێشە بنووسین، وەکو خەریکی نووسینی ڕۆمان بین، خۆ ئەگەر شیعر بنووسین و خوێنەرمان نەبێت، ئەوە زادەی هیچ هۆکارێکی دەرەکی نییە، خەوشەکە لەنێو خودی شیعرەکەمانایە. ئەگەر بتوانین شیعری پاکژ بنووسین، شیعری بێ خلْتە، شیعری تەڕوبڕ، نەك وشکوبرینگ، ئەوا شیعرمان هەمان تام و بەرامەی هەنگوینی سرووشتیی دەبێت، کە پشتی بە شیلەی گوڵی کێوی قایمە. تەمومژ یەکێکە لە تەکنیکەکانی شیعر، بەڵام ئاڵۆزی، دوژمنی شیعرە، جیاوازیی نێوان تەمومژ و ئاڵۆزی، وەك جیاوازیی نێوان کازیوە و تاریکیی سەرەتای شەو وایە، کە یەکەمیان دووگیانە بە ڕووناکی و دووەمیان دەمانباتە سەر شەوەزەنگ.

بۆچی دەنووسین؟ من بەش بە حاڵی خۆم، ناتوانم نەنووسم، ئاخر هێزێك کە ویستی زەوتکردوم و لە ناخمەوە هەڵدەقوڵێت، بێ خواستی خۆم، ناچاری نووسینم دەکات و ناتوانم لێی یاخی بم، بە چاوپۆشین لەوەی لە ئەنجامی نووسینەوە، بژێویی خۆم دابیندەکەم، یان ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە. ناخوازم نووسینم کەس کۆت و پێوەند بکات، بەوەی عومەری کوڕی خەتتاب سەرسامم، کە نابینایانە پێبەندی دەق نەدەبوو، نە دەستی دزی دەبڕییەوە، نە ڕێی بە هاوسەرگیریی سەفەری دەدا، کە بە ڕەوا زانینی بازرگانی بوو بە سێکسەوە. ئەو دەقانە پەسەندناکەم، پەراوێزێك بۆ لێکدانەوەی جیاواز جێناهێڵن، ئاوەز سڕ دەکەن و ڕۆڵی دەسەڵاتیکی ستەمکاری ڕەها دەبینن، ئیدی کتێبی سەوزی قەززافی بێت، یان کتێبی سووری پۆڵ پۆت، کتێبی تەڵخی ئیبن تەیمییە بێت، یان کتێبی زەردباوی سەیید قوتب، یان هەر کتێبێکی دێرینی بەپیرۆزکراوی تر، لەوانەی ئینسان زەلیل دەکەن و بۆ خوێنڕشتن هانی دەدەن.

لە سەروەختی بەرخودان و ڕاپووندا، لە رادیۆی شۆڕشەوە، یان ئەو سەروەختانەی زەریای خەڵك لە شەقامدا شەپۆل دەدات، هەندێك هەڵبەست بۆ جۆشدانی خەڵك بە دەنگی دلێر دەگوترێنەوە، ئەو جۆرە تێکستانە، لە دروشم و لە بەیاننامەی سیاسییەوە نزیکترن، وەك لە



**بێ خواستی خۆم، ناچاری نووسینم دەکات و ناتوانم لێی یاخی بم، بە چاوپۆشین لەوەی لە ئەنجامی نووسینەوە، بژێویی خۆم دابیندەکەم، یان ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە**











**نووسەریش وەك هەر تاكێكی دیكە، هەم لایەنی بەهێز و ڕۆشن لە ژیانیدا هەیە، هەم لاوازی و خەوش، تەنانەت دەشێت گیرۆدەی گرێیەك، یان زیاتری دەروونییش بێت. ڕەنگە ئەو نووسەرەی بە نووسینەكانی سەرسامین و كتێبەكانی لە ئامێزی دڵ دەگرین، خۆی كەسێكی هێندە گرژ و ئاڵۆز**

دونیای شیعرەوە، ئاخر هێندەی پشت بە ڕستەی شۆڕشگێرانە دەبەستن، نیو هێندە پشتیان بە دەربڕینی شیعری قایم نییە. وەك چۆن بەیاننامەی سیاسی و نووسین لەبارەی سیاسەتی ڕۆژانەوە، تەمەنكورتن و هەر زوو هیچ درەوشانەوەیەكیان نامێنێت، شیعرێكیش لە بڵندگۆوە بخوێنرێتەوە و حەوجەی بە نەڕەی شاعیر بێت، با ساڵانێك لەسەر زارانیش بێت، هەر ئایندەی ڕۆشن نییە. شیعر بۆ ئەوە نانووسرێت، بە دەنگی بڵند بۆ جەماوەر بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوە دەنووسرێت، زەینی بدەینێ، لێی ڕابمێنین و بە كپی بۆ خۆمانی بخوێنینەوە.

نووسەریش وەك هەر تاكێكی دیكە، هەم لایەنی بەهێز و ڕۆشن لە ژیانیدا هەیە، هەم لاوازی و خەوش، تەنانەت دەشێت گیرۆدەی گرێیەك، یان زیاتری دەروونییش بێت. ڕەنگە ئەو نووسەرەی بە نووسینەكانی سەرسامین و كتێبەكانی لە ئامێزی دڵ دەگرین، خۆی كەسێكی هێندە گرژ و ئاڵۆز بێت، ڕۆژێك لەگەڵیدا هەڵنەكەین. ئەوە هیچ مەرج نییە، نووسین ڕەنگدانەوەی كەسایەتیی نووسەر بێت، ژیانی نووسەر سەرچاوەی نووسینەكانی بێت و بتوانین لەڕێی خوێندنەوەی بەرهەمەكانییەوە، بە خودی خۆی ئاشنا ببین. دەشێت ئینسانێكی تا خوا حەز دەكات چاك بین، بەڵام نووسەرێكی خراپ بین، یان بە پێچەوانەوە، چەندان عەیب و عارمان هەبێت و ئەدەبێكی باڵایش بەرهەم بهێنین.

هیچ مەرج نییە، لە دوای هەر شیعرێكی ڕۆمانتیكەوە، چیرۆكێكی واقیعی هەبێت، خۆ ئەگەر وا بووایە، دەبوو لە شیعری (نزار قەبانی)دا، بۆ سەدان ژن بگەڕێین، هەرچەندە ئەو شاعیرە چەند شیعرێكی كەمی وەك (بەڵقیس)ی نەبێت، نزیكەی هەموو ئەوانی دیكەی زادەی خەیاڵن. جارێكیان (زەینەب)ی كچی شتێكی وای نووسیبوو: (زوو زوو هەڕەشەم لە باوكم دەكرد و پێمدەوت، ڕۆژێك دێت دەستەكەت ئاشكرا بكەم و دونیا تێبگەیەنم كە تۆ پیاوێكی چەند



پاکیت و چەند لە بواری هونەری ڕاوەژندا، دەستوپێ سپیت.) ڕەنگە لە هەر شیعرێك یان چیرۆکێکدا، هەندێك لە ڕاستی هەبێت، بەڵام بەرهەمی ئەدەبی، بە گشتی، زادەی درۆیە، درۆی ڕەش یان سپی نا، درۆ لەوپەڕی درەوشانەوەیدا، درۆی هونەری، کە بەرهەمی خەیاڵێکی بەرین و بەپیتە.
ژیاننامەی نووسەر بایەخێکی زۆری هەیە، بەڵام لەبەرئەوە نا، لەبەر تیشکی ڕابردوویدا، دەقەکانی لێکبدەینەوە، یان دەست وەربدەینە نێو لایەنە تایبەتی و کەسەکییەکانی ژیانییەوە، لە سۆنگەی ئەوەوە، کە ژیانیشی چیرۆکێکی درێژە و دەتوانین وەك دەقێکی سەربەخۆ سەرنجی بدەین. ژان ژاك ڕۆسۆ گەلێك کتێبی نووسیوە، بەڵام ڕەنگە هیچیان هێندەی (ددانپێدانانەکان)ی گرنگ و بەناوبانگ نەبن، لەبەر ئەوە نا، هونەرمەندانە خەیاڵی تێدا بەگەڕخستووە، لە سۆنگەی ئەوەوە، بوێرانە ڕاستییەکانی تێدا درکاندووە، بوێرییەکی وا مەگەر لە داستان یان لە ئەفسانەدا نموونەی هەبێت.
ئەگەر زمانێك یان زیاتری بێگانە بزانین، چاکتر فێری زمانی خۆمان دەبین، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، هەر کە زمانێکی بێگانە فێربووین، ئیدی خەوش لە کوردییەکەماندا نامێنێت. گەلێك نووسەرمان هەن، گوایە بە زمانی بێگانەیش توانای نووسینیان هەیە، کەچی کە بە زمانی دایکیان دەنووسن، شارەزای ئەلفوبێی زمان و تەکنیکی نووسین نین! وەك مەحاڵ وایە، تەنیا لە بوارێکی ئەدەبیدا چالاك بین و ئەدیبێکی گەورەمان لێ دەربچێت، ئاخر ئەوەی دەینووسین، سەر بە هەر ژانرێکی ئەدەبی بێت، هەر پێویستمان بەوە دەبێت، شارەزای نووسینی ژانرەکانی دیکەیش بین، چونکە ئەوسا ئاسۆی بەردەممان ڕوونتر و فراوانتر دەبێت. دەقی نوێ، سەر بە هەر ژانرێك بێت، بێ ئەوەی ناسنامەی خۆی لە دەست بدات، لە ژانرە جیاوازە ئەدەبییەکانی تریش سوودمەند دەبێت، بەمەیش چەندان پەنجەرەی نوێ بە ڕووماندا دەکاتەوە.

**سەرچاوەکان:**

1-سعيد ناشيد، العقل و الكتابه.
2- عباس بيضون، ألاعتراف، السفير ٢٢ مايو ٢٠١٥ بيروت.
3-خيرى منصور، الشعر العضوى.